گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(12).No(2).Paper6

ڕێـکەوتـی وەرگـرتـن: 29/09/2024
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 17/11/2024
ڕێـکەوتی بڵاوکردنەوە: 29/04/2025

# کاراکتەری پاڕانۆیی لە هەردو ڕۆمانی (قەبرێکی سێگۆشە) و (سانتیاگۆ دی کۆمپۆستێلا)ی فەرهاد پیربالدا

مزەفەر مستەفا ئیسماعیل [١] - دڵدار عدۆ وسو [٢] - ئالا باپیر سلێمان [٣]

ala.smail@visitors.soran.edu.iq - dldar.wsoo@soran.edu.iq - Mudtafar.ismahil@soran.edu.iq

[١+٢+٣] بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سۆران، سۆران، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی کەسایەتی پاڕانۆیی لە هەردو ڕۆمانی (قەبرێکی سێگۆشە) و (سانتیاگۆ دی کۆمۆستێلا)ی فەرهاد پیربال دایە، پاڕانۆیا یان پاڕانۆیی دەستەواژەیەکی دەرونناسییە، کە تیایدا کەسایەتی توشبو خەسڵەتەکان و تایبەتمەندییەکانی وەک وەهم، ترس، گومان، ڕاڕایی، دودڵی، ئیرەیی و بەدبینی تێدا دەردەکەوێت و توشی سەر لێشێوان و پەشێوی و تێکچونی عەقڵی و دەرونی دەبێت.

پرسی کاراکتەری پاڕانۆیی لە هەردو ڕۆمانی (قەبرێکی سێگۆشە) و (سانتیاگۆ دی کۆمپۆستێلا)ی فەرهادپیربالدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە لە توێژینەوەی ئەدەبیدا و بەتایبەتی لە توێژینەوەکانی تایبەت بە دەرونناسی ئەدەبی بابەتی پاڕانۆیا بە تەنیا و سەربەخۆ باس نەکراوە، بۆیە بە پێویستمان زانی ئەم توێژینەوەیە لەم بابەتە بە تەنیا و سەربەخۆ وەک پێویستییەکی زانستیی و ئەکادیمی بە ئەنجام بگەیەنین. بۆ بەرباس خستنی ئەم بابەتە توێژینەوەکەمان بەسەر چەند بەشێکدا دابەشکردوە، کە پێکدێت لە پوختە، پێشەکی، دەروازەیەکی تیۆری، کە لە چەند بابەتێکی پەیوەستدار بە پاڕانۆیا پێکدێت و هەروەها بەشی پراکتیکی، کە لە چەند شوێنی جیا جیا دەقەکانمان وەرگرتون، دەربڕی حاڵەتی پاڕانۆیان لە کەسایەتیی سەرەکی ناو ڕۆمانەکاندا. دواتر بە چەند ئەنجامێك گەیشتوین، کە تایبەتە بە کەسایەتی پاڕانۆیی لە هەردو ڕۆمانەکەدا. پاشان لیستی سەرچاوەکانمان ڕیز کردوە. بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکەشمان پشتمان بە میتۆدی (ڕەخنەی دەرونشیکاری) بەستوە، لەبەشی یەکەمدا، کە دەروازەیەکی تیۆرییە پێناسەی بابەتەکانمان کردوە، لە بەشی دوەمدا، کە بەشی پراکتیکی لەخۆ دەگرێت، نمونەی دەقە وەرگیراوەکانی ڕۆمانەکانمان خستۆتە بەرچاو و شرۆڤەی پێویستمان بۆ کردوە.

**وشە کلیلیەکان:** پاڕانۆیا، ترس و دڵەڕاوکێ، وەهم و گومان، قەبرێکی سێگۆشە، سانتیاگۆ دی کۆمپۆستێلا.

# Paranoid Personality' in Farhad Pirbal's novels, A Triangular Grave and Santiago de Compostela

**Mudhafar Mustafa Ismail[1] - Dldar Ado Wsoo[2] - Ala Bapir Sleman[3]**

[1 +2+3]Department of Kurdish, College of Education, Soran University, Soran, Kurdistan Region, Iraq.

Abstract

This research is titled *Paranoid Personality' in Farhad Pirbal's novels, A Triangular Grave and Santiago de Compostela*. Paranoia is a psychological and psychiatric term describing a condition in which an individual experiences delusions, fear, doubt, worry, anxiety, jealousy, and prejudice, potentially leading to confusion and mental disorders.

The issue of 'Paranoid Personality' in Farhad Pirbal's novels, A Triangular Grave and Santiago de Compostela, highlights the fact that paranoia has not been independently addressed in literary and psychological research. This study seeks to fill that gap, asserting that an independent examination of paranoia in these works is both academically and scientifically necessary. The study is structured into several chapters, including an abstract, introduction, theoretical frameworks related to paranoia, and methodology. In the methodology section, we analyze quotes from various parts of the novels that reflect the paranoid state of the main characters. The study concludes with findings on Paranoid Personality in both novels, followed by a list of references. We employed a descriptive analysis method, defining key terms and analyzing relevant quotes in the first and second chapters, respectively.

Keywords:

Paranoia, fear and anxiety, delusion and doubt, A Triangular Grave, Santiago de Compostela.

## ١- پێشەکی

**١-١ ناونیشانی توێژینەوەکە:** کاراکتەری پاڕانۆیی لە هەردو ڕۆمانی (قەبرێکی سێگۆشە) و (سانیاگۆ دی کۆمپۆستێلای)ی فەرهاد پیربالدا. ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکی سەرەتایی و نوێیە، بۆ ناساندنی خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی کەسایەتی پاڕانۆیی و دیاریکردنی لەناو دەقی ئەدەبیدا، کە تیایدا ڕۆڵی نوسەر لە کاری کاراکتەرسازی پیشان دەدات.

**٢-١ سنوری توێژینەوەکە:** دیارکردنی کاراکتەری پاڕانۆیی لە چوارچێوەی هەردو ڕۆمانی (قەبرێکی سێگۆشە) و (سانتیاگۆ دی کۆمپۆستێلا)ی (فەرهاد پیربال) دایە.

**٣-١ هۆکاری هەڵبژاردنی ناونیشانی توێژینەوەکە:** دەگەڕێتەوە بۆ نەبونی توێژینەوەی پێویست دەربارەی دەستنیشانکردنی ئەم جۆرە کاراکتەرە لەناو دەقی ئەدەبیدا.

**١-٤ پرسیاری توێژینەوەكە:** ئایا نیشانە و خەسڵەتەكانی كەسایەتی پاڕانۆیی لە ڕەفتار و گوفتاری كاراكتەری ڕۆمانەكاندا بەرجەستە بوە؟

- دیارترین ئەو نیشانانەی لەكاراكتەرەكاندا دەبیندرێن و زەقكراونەتەوە كامانەن؟

**١-٥ گریمانەی توێژینەوەكە:** لەم توێژینەوەیەدا گریمانەی ئەوە دەكەین بەشێكی دیاری تایبەتمەندییەكانی كەسایەتی پاڕانۆیی لە خەسڵەتەكانی كاراكتەری ڕۆمانەكاندا ڕەنگبداتەوە.

**١-٦ كێشەی توێژینەوەكە:** كاراكتەری سەرەكی هەردو ڕۆمانەكە، تایبەتمەندییەكی جیاواز و نوێیان هەیە لەناو دنیای ڕۆمانی كوردی، دەمانەوێت ئەوە بزانین ئەم نوێگەرییە لەكاراكتەرسازی تا چەند پەیوەندی بە پاڕانۆیاوە هەیە.

**١-٧ كەرەستەی توێژینەوەكە:** كاركردنە لەسەر هەردو ڕۆمانی (قەبرێكی سیگۆشە) و (سانتیاگۆ دی كۆمپۆستێلا)ی (فەرهاد پیرباڵ) و چەند توێژینەوەیەك بە زمانی فارسی، فەرهەنگی ڕەخنەیی، فەرهەنگی دەرونی و فەرهەنگە زمانییەكان و چەند سەرچاوەیەكی زانستی سودمەند.

**١-٨ میتۆدی توێژینەوەكە:** لەم توێژینەوەیەدا پشتمان بە میتۆدی (ڕەخنەی دەرونشیكاری) بەستوە.

**١-٩ چوارچێوەی توێژینەوەكە:** جگە لە پێشەكی و لیستی ئەنجام و سەرچاوەكان، پێكهاتوە لەدەروازەیەكی تیۆری و بەشی پراكتیكی.

## ٢- دەروازەیەك دەربارەی پاڕانۆیا:

پاڕانۆیا چەمكێكی دەرونییە، كەسایەتی پاڕانۆیی یان توشبوی ئەم نەخۆشییە كۆمەڵێك خاسییەتی نائاسایی تێدایە، كە بەهۆی ڕەفتارەكانییەوە لەناو كۆمەڵگا و لەپێش چاوی خەڵكی ئاسایی سەیر و نامۆ دەردەكەوێت. "پاڕانۆیا لە واتە بنچینەییەكەیدا لە (پاڕا + نوس)ی یۆنانی وەرگیراوە، (پاڕا) بە واتای دەرەوە و (نوس) بە واتای عەقڵ دێت" (كریپلن: ١٨٥٦-١٩٢٦) بە سودوەرگرتن لە ڕیشە زمانییەكەی ناوەكەی داتاشیوە، بەمەبەستی ئاماژەدان و دیاریكردنی (بیری گوماناوی)'' (فری من، ١٣٩٠: ١٤).

لەمڕووەوە ئەگەر سەرنجی بنچینەی دروستبونی وشەكە بدەین، دەبینین وشەكە ئاماژەیە بۆ حاڵەتی دوركەوتنەوە لە عەقڵ و دەرچون لەژێر كۆنترۆڵی عەقڵ. هەر بۆیە دەشێت بڵێین '' پاڕانۆیا (paranoia) نەخۆشییەكی عەقڵیە، كە توشبو هەست بە مەزلوممیەتی خۆی دەكات '' (ناوخۆش، ٢٠٠٦: ٢٤٤).

كەوایە كەسایەتی پاڕانۆیی بێ هیچ بەڵگەیەكی سەلمێندراو توشی گومانی خراپ دەبێت و وا هەست دەكات دەوروبەرەكەی ستەمی لێدەكەن. لە زمانی عەرەبیدا بەرانبەر '' كەسایەتی پاڕانۆیی زاراوەی (ألشخصیة ألهذائیة) بەكار دەهێندرێت و خودی نەخۆشییەكە جۆرێك لە تێكچونی عەقڵییە، ئەمەش لە چەندین شێوەدا دەردەكەوێت لەوانە: پاڕانۆیای دڵەڕاوكێ، پاڕانۆیای هەستكردن بە گەورەیی، پاڕانۆیای هەستكردن بە پیری، پاڕانۆیای خۆسەرزەنشتكردن، پاڕانۆیای هەڵوێستی شێتی، پاڕانۆیای عەشق'' (بۆكانی، ٢٠٠٤: ١٤٧).

ئەمە واتای ئەوە دەگەیێنێت پاڕانۆیا وەك نەخۆشی بەپێی زەقبونەوە و زاڵبونی خاسییەت لە نەخۆش یان كەسایەتی مرۆڤ بەسەر چەندین جۆری جیاواز دابەش دەبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەمو ئەو جۆرانە پێیان دەوترێت توشبوی پاڕانۆیا. '' سەرچاوە زانستییەكان ئەوەیان دەرخستوە پاڕانۆیا جۆرێكە لە جۆرەكانی شیزۆفرێنیا، كە شیزۆفرێنیای گوماناوی

(ألفصام)ی پێدەگوترێت و ئەم خاسیەتانەی لەگەڵدایە: هەستکردن بە ستەم، ورێنە، ترس، دڵەڕاوکێ، هەسکردن بە مەزنایەتی خۆی، غیرەکردن، تورەیی، دەمەقاڵێ '' (ألبواب، ٢٠٢٢: ١٧٢-١٧٣)

واتە کەسایەتی پاڕانۆیی بەهۆی ئەو گومانانەی هەیەتی توشی تورەیی و دەمەقاڵێ دەبێت وەک کاردانەوە بۆ پاراستنی خۆی و ئەو شتانەی کە لەلای بە نرخن. بەردەوام بە چاوێکی گوماناوی دەڕوانێتە دەوروبەرەکەی هەر بۆیە بەردەوام هەست بە ترس و دڵەڕاوکێ دەکات و وای دەبینێت هەڕەشەیەکی جدی لەسەرە. '' ئەم گرفتە عەقڵییە کارتێکردنی خراپ و نەرێنی لەسەر کەسی توشبو و دەوروبەرەکەی هەیە، بێمتمانەیی و گومانی خراپ بە ڕێژەیەکی فراوان لە بیر و هۆشی توشبو چەکەرە دەکات، توشبو خواست و ئامانجی تاکەکان بە شێوەیەکی خراپ و دور لە ڕاستی تەفسیر دەکات، ئەم خاسیەتە لە زۆرێک لە نەخۆشییە دەرونییەکاندا بونی هەیە '' (عبدالمحمدی و دیگران، ١٣٩٥: ٤٩).

لێرەوە کەسایەتی پاڕانۆیی دەکەوێتە دۆخی گومان و بێمتمانەیی بەرانبەر کەسانی دەوروبەری خۆی، هەر بۆیە بەردەوام لە حاڵەتی بەرگرییە لەو مەترسییانەی، کە گومان دەکات بەرەوڕوی ببنەوە، توشبو واهەست دەکات لەلایەن دەوروبەرەکەیەوە بەکاردەهێندرێت و ئەمە جگە لەوەی دان بە هەڵەکانی خۆی نانێت و لەبری ئەمە خەڵک سەرزەنشت دەکات. '' هەروەک دەگوترێت کەسایەتی پاڕانۆیی زیادەڕۆییەکی  زیاد لە پێویست بەرانبەر جوڵە و کردارە هەڕەشە ئامێزەکان پیشان دەدات '' (امیر پور، ١٣٨٨: ١٣٤)

باوەڕ و تێگەیشتنەکانی بەرانبەر ڕەفتار و کرداری کەسانی دەوروبەری بە ئاڕاستەیەکی هەڵە و دور لە ڕاستییەوەیە، بە جۆرێک پێیوایە ئاسایش و ژیانی لە مەترسییەکی گەورەدایە بۆیە بەردەوام وایدادەنێت لەژێر چاودێری کەسانیتر دایە. '' (سیگمۆند فرۆید: ١٨٥٦-١٩٣٩) باوکی دەرونشیکاری پێی وایە کێشەی پاڕانۆیا زیاتر لە چینی ڕۆشەنبیران دەردەکەوێت و دەڵێت: توشبو لە گومان و ڕەشبینی خۆی ئازار دەکێشێت، لە دوژمنە خەیاڵی و وەهمییەکانی دەترسێت و بۆ ڕوبەڕوبونەوەیان هەوڵ و ئامرازی نوێ دێنێتە پێش '' (بالو و دیگران، ١٣٩٧: ٢٨).

ئەمەش بەو مانایە نایەت، کە تەنیا لە چینی ڕۆشەنبیراندا ئەم کێشەیە دروست ببێت، بەڵکو لەچینەکانی دیکەشدا ئەم کێشەیە بونی هەیە، بەڵام بە ڕێژەیەکی کەمتر. کەسایەتی پاڕانۆیی هەر بە وەهم نەیار و دوژمن بۆ خۆی دروست دەکات ئەو بۆ ڕاگرتنی هەڕەشەکانی سەرخۆی بیر لە ئامراز و ڕێکاری نوێ و جیاواز دەکاتەوە.

دەشێت بڵێین پاڕانۆیا '' چەمکێکی دەرونناسییە، ئاماژە بە تێکچونی هزر و عەقڵی تاکەکان دەدات نیشانەکانی وەک: ڕەشبینی، ئیرەیی، خۆبەگەورەزانی، ترس و دڵەڕاوکێی لەگەڵدایە '' (سپهوند و دیگران، ١٣٩٠: ٣١) لەمەشەوە ئەوەمان بۆ ڕون دەبێتەوە، کە پاڕانۆیا وەک بەشێکی کێشەی شیزۆفرێنی تەماشا دەکرێت، واتە نەخۆشی یان کێشەیەکی عەقڵییە لە چوارچێوەی دەرونشیکاری و نەخۆشییە دەرونییەکان مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت.

وەک دەبینین ترس، دڵەڕاوکێ، ئیرەیی دەبنە سەرچاوەی وەهم و گومانی خراپ و دواجار ڕەشبینی و تورەیی و دەماقەڵێ بەردەوامی کەسی توشبوی لێدەکەوێتەوە، واتە کەسی توشبو بەهۆی ئەو ترس و دڵەڕاوکێیەی، کە پێی وایە مەترسی لەسەر ژیانی هەیە، دەچێتە دنیای وەهم یان خەیاڵی خراپ و دروستکراوی مێشکی خۆی، لەم بارەیەوە (پاول فریش) دەڵێت: کەسایەتی پاڕانۆیی باوەڕی وایە هەڕەشەی گیانی لەسەرە و لەلایەن دەوروبەرەکەیەوە چاودێری دەکرێت و چالاکانە لە هەوڵی زیانگەیاندنن بە کەسی توشبو، ئەمەش زیاتر لە پاڕانۆیای بالینیدا بەرچاو دەکەوێت، کە

بە مەترســـیـدارترین جۆری پـاڕانۆیـا دادەنـدرێـت، (https://www.webmd.com/mental-health/why-paranoid#091e9c5e81c2211a-2-5).

هەمو ئەو بیرکردنەوە نەرێنییانەی کەسی پاڕانۆیی دەبنە هۆی ئەوەی تورەیی، ڕەشـــبینی و کاردانەوەی توندی توشبوەکەی لێبکەوێتەوە.

واتە کەسایەتی پاڕانۆیی نەک تەنیا هۆکارە مرۆییەکان، بەڵکو دیاردە و ڕوداوە سروشتی و نادیارەکانیش وەک هەڕەشە لەسەر گیان و ماڵی خۆی دەبینێت، بۆیە بەردەوام ئامادەکاری بۆ ڕوبەڕوبونەوەی ئەو هەڕەشانە دەکات و ئامرازی نامۆ و هۆکاری نوێ بۆ بەرگریکردن دەدۆزێتەوە، '' ئەم خەسڵەتە لە بواری دەرونشیکاریدا بە جۆرێک لە نەخۆشی دادەندرێت، زۆرجار وەک تەکنیک و تایبەتمەندییەکی ئەدەبیات و بە دیاریکراوی ژانری ڕۆمانی نوێ سەیر دەکرێت '' (تدینی، ١٣٨٨: ٦٦).

کە دەڵێین ڕۆمانی نوێ، مەبەستمان ئەو ڕۆمانانەن، کە بە تەکنیک و شێوازی پۆستمۆدێرن دەنوسرێن و ستایلی گێڕانەوەکان پشت بە شەپۆلی هۆشی کاراکتەر دەبستن، ڕوداوەکان بە زنجیرەیی بەدوای یەکدا نایەن، بەڵکو گێڕەرەوە ئەو هێڵە تەربەی گێڕانەوە تێکدەشکێنێت و هەوڵی پیشاندانی ئاراستە و شەپۆلە هۆشەکی و دەرونییەکانی کاراکتەر دەدات، کە ئەمە دەبێتە خاسیەتی دیاری کاراکتەری ناو ڕۆمانە نوێیەکان. واتە ئەم کێشە دەرونی و عەقڵییە دەبێتە خاسیەتێکی دیاری ڕۆمانی نوێ و بۆ مەبەستی کاراکتەرسازی سودی لێدەبیندرێت، ئەمەش بەوەی کەسایەتی ناو ڕۆمانەکان هەڵگری ئەم خاسیەتەن، هەر بۆیە ئەگەر لەم بابەتە ورد ببینەوە ڕۆماننوس بەهۆی ئەم خاسیەتەی کاراکتەرەکانی هێڵی گێڕانەوەکانی بە پچڕپچڕی پیشان دەدات، لە ڕێی پێشخستن، کە هۆکارەکەی وەهمە، دواتر گەڕانەوە بۆ دۆخی ئاسایی، کە هێڵی سەرەکی گێڕانەوەیە.

## ٢-١ نیشانەکانی کەسایەتی پاڕانۆیی

### ٢-١-١ وەهم

ئەم خاسیەتە لەکەسایەتی پاڕانۆیی پانتاییەکی فراوان داگیر دەکات، کەسی توشبو بەڕادەیەکی زۆر لە وەهم و نائاگایی بەردەوامدایە، دەشێت بڵێین ''وەهم بریتییە لە بڕوای هەڵە و نائاسایی، کاریگەری لەسەر کۆی ناوەڕۆکی سیستەمی بیرکردنەوە و بیر و ڕاکانی کەسی توشبو دادەنێت. خاسیەتێکی سەرەکی وەهم ئەوەیە، کەسەکە ناتوانێت باوەڕ بەوە بێنێت تێگەیشتنەکانی هەڵە و نالۆژیکین، وەهم بە شێوەیەکی گشتی دابەش دەبێت بۆ جۆری ئیرۆتۆمانیک، کەسەکە وای دەبینێ کەسی بەرانبەر کەوتۆتە داوی خۆشەویستییەکەی ئەو، وەهمی خۆ بەگەورەزانین، دڵپیسی، سۆماتیک -جەستەیی هەبونی تێڕوانینی هەڵە بەرانبەر جەستەی خۆی، تێهەڵکێش کە بەشێکی ئەم جۆرانەی تێدا دەردەکەون '' (مۆرگان، ٢٠٢٢: ٣٠٢،٣٠٩)

واتە لەڕوی بابەتییەوە دەکرێت ئەم خاسیەتە بۆ جۆری جیاواز دابەش بکرێت، بەڵام بەگشتی کەسی توشبو دەچێتە دۆخی نائاگایی و بیروبۆچونەکانی چەوت و ناڕاستن، واتە ئەو تەفسیراتەی بۆ ڕوداو و دەوروبەرەکەی ئەنجامی دەدات لێکدانەوەی بێ بنەما و پوچن.

'' لەلایەنی دیاردەناسی (فینۆمینۆلۆجی)یەوە وەهم لە زاڵترین و دیارترین جۆرەکانی توشبون بە هەڵەن، وەهم دەشێ لە یەکێک یان چەندێک لە هەر پێنج هەستەوەرەکانی مرۆڤدا بە دیار بکەوێت '' (رجبی، ١٣٨٢: ٤٦).

واتە سەرەکیترین هۆکاری توشبون بە هەڵە و بەدەستهێنانی زانیاری ناڕاست سەرچاوەکەی بریتییە لە وەهم، ئەمەش لێکدانەوەی هەڵەی هەستەوەرەکانە لەلایەن کەسی توشبوەوە، واتە هەستەکانی بینین، بۆنکردن، تامکردن، بیستن، بەرکەوتن، لەلایەن کەسی توشبو بەهەڵە لێکدەدرێنەوە و لەگەڵ ئەوەشدا کەسەکە پێی وایە هەمو ئەوانەی ئەو هەستی پێدەکات بەشێکن لە ڕاستی و حەقیقەت.

## ٢-١-٢ ترس و دڵەڕاوکێ

سنوری ترس و دڵەڕاوکێ سنورێکی لێڵ و ئاڵۆزە و هاوشێوەییەکی زۆر لە نێوانییاندا بونی هەیە، زۆر جار ئەم چەمکانە لە بری یەکتر بەکاردەهێندرێن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ جیاوازی بونیادی لەنێو خودی چەمکەکاندا بونی هەیە، دەگوترێت '' ترس پرۆسەیەکی مەعریفی و ڕەفتاری نییە، بەڵکو دۆخێکی سۆزدار ئاڵۆز و بەهێزە، کە لە دەرئەنجامی هەستکردن بە مەترسی شێوە دەگرێت. '' (پاک نهاد، ١٣٩٢: ١٥٧-١٥٨)،

واتە ترس بەر لە هەر شتێک لە ئەنجامی هەستکردن بە مەترسی و هەڕەشەی جدی لە مرۆڤدا دەردەکەوێت،کە ئەمەش ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەو لایەنە سۆزدارییە کاریگەر و ئالۆزەوە هەیە، کە لە مرۆڤدا ئامادەیی هەیە.

'' دەروناسان باوەڕیان وایە دو جۆر لە ترس لە ژیانی مرۆڤدا بونی هەیە، یەکەم ترسە ئاساییەکان کە لە مرۆڤە ئاساییەکاندا بونی هەیە وەک ترس لە داهاتو، مەرگ، نەخۆشی. دوەم ترسی نائاسایی یان ئەوانەی وەک نەخۆشی سەیر دەکرێن وەک نامۆبون و دورکەوتنەوە لەکۆمەڵگا، فۆبیای بەرپرسیارییەتی '' (رحیمیان و دیگران، ١٣٨٩: ٦٦-٦٧).

کەوایە هەبونی ترس لای مرۆڤ بە ڕێژەیەکی سنوردار جێگەی مەترسی نییە، چونکە ئەمە بەشێکە لە سروشتی مرۆڤ و لە زۆر باردا بگرە دەبێتە خاسیەتێکی ئەرێنی، بەڵام هەبونی ترس بە شێوەیەکی زیاد لە پێویست مرۆڤ دەخاتە دۆخی خۆئازاردان و ڕەنجێکی زۆرەوە. ''ترس وەڵامدانەوەیەکی سروشتی و پێویستە، چونکە مرۆڤەکان ئاگادار دەکاتەوە لە هەنبەر هەڕەشەی مەترسییەکان، دەبێتە هۆی جولە و وەرگرتنی ڕێوشوێنی پێویست بۆ ڕووبەڕوبونەوەی کێشە و مەترسییەکان، ترس کاتێک دەبێتە خاسیەتێکی نەرێنی ئەگەر هاتو بە شێوەیەکی زیاد لە پێویست و نالۆژیکیانە لە مرۆڤدا دەربکەوێت و ببێتە هۆی لەدەستدانی باوەڕبەخۆبونی تاک، یان شێوەگرتنی کاردانەوەی ڕەفتاری کۆنترۆڵنەکراو لەلای توشبو '' (پاک نهاد،١٣٩٢: ١٨٠).

بۆیە هەر کاتێک ترس مرۆڤ بە ئاڕاستەی لەدەستدانی بڕوابەخۆبون و ئەنجامدانی ڕەفتاری نامۆ ئاڕاستە بکات، ترسەکە دەبێتە نەخۆشی و خۆئازاردانی تاکی لێدەکەوێتەوە، ئەمە ئەو خاڵە جەوهەریەیە زۆرێک لە دەروناسان جەختی لەسەر دەکەنەوە، سەرچاوە زانستییەکان وای دەبینن '' ترس لای مرۆڤ، هەر لە کاتی منداڵییەوە چەکەرە دەکات و تا کەسەکە گەورەتربێ ترسەکە ئەگەر سنوری بۆ دانەنرێت زیاتر گەشە دەکات '' (ألبواب، ٢٠٢٢: ٣٢٢).

کەواتە ئەم خاسیەتە لە مرۆڤ بەشێکی بنچینەییە و هەرچەند تەمەنی مرۆڤ گەورەتربێت، ترسەکە زیاتر گەشە دەکات، بەڵام ژینگە و کۆمەڵگا و خودی تاک دەبێت بەر بەو گەشەسەندنەی ترس بگرێت و سنورێکی بۆ دابنێت.

هەرچی دڵەڕاوکێیە ئەوا لە هەندێ لایەنەوە جیاوازی هەیە لەگەڵ ترس، دڵەڕاوکێ لەلایەنی دەروناسییەوە واتاکەی بە شێوەیەکی جۆراوجۆر لێکدراوەتەوە، بەڵام دەشێت بڵێین ''دڵەڕاوکێ دۆخێکی سۆزداری نەخوازراوە، کە بەرهەمی یان لێکەوتە یان بەرهەمی فشار و ململانێی دەرونی تاکەکانە و تایبەتمەندییە دیارەکەشی ترس و فۆبیا لە واقیعی ڕوداوەکانی

داهاتوە. هەرکاتێک تاک لەتوانستەکانی خۆی بۆ ڕوبەڕوبونەوەی کێشەکانی بەردەمی بەگومان بو، ئەو کات کەسەکە بە توشبو بە نەخۆشی دڵەڕاوکێ هەژمار دەکرێت '' (علم الهدی، ٢٠٠٠، ١٠٠ - ١٠١).

واتە لە کاتی هەبونی ترس لە ئەنجامدانی کارێک دەکەوێتە دڵەکوتە و تەواو لە تواناکانی خۆی بۆ ئەنجامدانی کارەکە دەکەوێتە گومان و بەمەش هەم لە تواناکانی خۆی دەترسێت و هەمیش گومانی لە لێهاتویی دەبێت، لێرەدا کەسەکە گیانی وەستانەوە بەڕوی کێشە و ئاڵنگاری لە دەست دەدات. لەم ڕووەوە دەوترێت '' دڵەڕاوکێ کێشەیەکی دەرونی دیاریکراوە، بەهۆی نیگەرانییەکی بەردەوامی نالۆژیکی لە بوارەکانی ژیانی ڕۆژانە بەدیار دەکەوێت، کەسانی توشبو بە دڵەڕاوکێ، بە ئەندازەیەکی زۆر و بێ هەبونی هیچ بەڵگە و هۆکارێک پێداگری لەسەر مەترسییەکانی بەردەمییان دەکەن و دەرونی خۆیانی پێ ئازار دەدەن '' (أفشار و دیگران، ١٣٩٥: ٦٨).

کەوایە کەسی توشبو، یان نەخۆشەکە لەبارەی ڕوداوەکانی بەردەمی بە گومانە و زیادەڕۆیی لەو هەستە بێبنەمایەی، توشی دۆخێکی ناهەموار و ئازار بەخشی دەکات، ئەمە لە کاتێکدا هیچ هۆکارێکی جدی و واقیعی بۆ ئەو دڵەڕاوکێیە بونی نییە '' خاڵی جیاوازی نێوان ترس و دڵەڕاوکێ زیاتر لەوەدایە، دڵەڕاوکێ زیاتر لەبارەی کێشەیەکی پێشبینیکراوە، بەڵام ترس زیاتر لەمەڕ مەترسییەکی هەنوکەیی(ئێستا)یە، واتە جیاوازییە بنەڕەتییەکەیان لە (پێشبینیکراوی) و (هەنوکەیی) بونی مەترسییەکاندایە، نیشانەکانی دڵەڕاوکێ بریتین لە ئارەقکردن، سکچون، لەرزین، زیادبونی لێدانی دڵ، وشکبونی دەم '' (مۆرگان، ٢٠٢٢: ١٠).

کەوایە ئەم دو چەمکە ئەگەرچی زۆر پەیوەست و نزیکن لە یەکتر بەڵام دەشێت بەوە بیانناسینەوە، کە ترس زیاتر لە دۆخی ئێستا و هەنوکەییدا دەردەکەوێت، بەڵام دڵەڕاوکێ بۆ بابەتی پێشبینی و ڕودانی ڕوداوەکانی ئایندە دەردەکەوێت.

### ٣ - ڕەنگدانەوەی کەسایەتی پاڕانۆیی لە ڕۆمانەکاندا:

ئەم خاسیەتە یان ئەم کێشە عەقڵییە، لەکاراکتەرە سەرەکییەکانی هەردو ڕۆمانی (قەبرێکی سێگۆشە) و (سانتیاگۆ دی کۆمپۆستێلا)ی (فەرهاد پیرباڵ)دا بەرجەستە دەبێت، لێرەوە هەوڵ دەدەین نمونەی پێویست لە هەر ڕۆمانە و بە جیا وەربگرین و شرۆڤەی پێویستی بۆ بکەین.

**١-٣ پاڕانۆیا لە ڕۆمانی (قەبرێکی سێگۆشە)دا:** نیشانە و تایبەتمەندییەکانی کەسی پاڕانۆیی، زیاتر لە چەند جارێ لە کاراکتەری سەرەکی ناو ڕۆمانەکەدا بەرجەستە بوە، وەک لەم دەقەی خوارەوەدا دەردەکەوێت کاراکتەری سەرەکی لە مەنەلۆگ و بیرکردنەوەکانیدا بە شێوازێکی پاڕانۆیی دەدوێت، ئەویش کاتێک لەگەڵ خۆیدا دەدوێت و دەڵێت:

- **'' ئایا ناسر خۆی چوبوە ئەو شارانەی ئەم کارانەیان تێدا ئەنجام دابێت؟ یان.. بەڵام.. خۆ.. باشە.. ئینجا .. من چۆن بزانم لەو شارە نیم کە ناسر باسی دەکرد؟ یان لە هەمان زیندان نیم و لە داهاتودا منیش بە هەمان دەرد نابەن و نامسڕنەوە؟ ئەدی باوکم؟ باوکم..!؟ ئۆف.. چ دۆخێکە تێی کەوتوم ئەی خودایە. ''** (پیرباڵ، ٢٠١٨: ٢٩-٣٠).

دەبینین ترسی کاراکتەر لە ڕودانی ڕوداوێکی ناخۆش و دودڵی و پەشێوییەکانی توشی چەندین گومان و وەهم و خەیاڵی ناڕاستی کردوە، ئەمەش لەو کاتەدا، کارەکتەرەکە لە زیندانە، بەڵام نازانێت لە کام وڵات و لە کام کونجی دنیایە، بۆیە شوێنەکەی خۆی نازانێت و چارەنوسی خۆشی نازانێت. لەم نێوەندەدا جۆرەها بیری ناڕاست و وەهمی بۆ دێت و سەری لێدەشێوێت.

- **'' تۆ بڵێی باوکیشم، بە هەمان شێوە.. خۆ ڕەنگە باوکمیان هەڵبژاردبێت.. لە دەستیان دێ.. لەوانەیە.. ڕەنگە هەر بۆیەش بێ سەر و شوێن ماوەتەوە.. تۆ بڵێی؟.. سەیرە! نەکا باوکیشم لە هەمان ئەو زیندانەی من بێت.. تۆ بڵێی ئەویشیان کوێر نەکردبێت؟''** (پیربال، ٢٠١٨: ٣٠).

لەم دەقەدا کارەکتەرەکە گومان لەوە دەکات باوکی لە هەمان زیندان بێت، بەڵام ئەو نایناسێتەوە، دوبارە گومانی کاراکتەر سەرهەڵدەدات کاتێک وا گومان دەکات، باوکی کوژرابێت و کوێرییەکی باوکەکەیان لە سایەی پێشکەوتنی بواری بایەلۆژی و بۆماوەزانی لە شوێنی باوکی دروستکردبێت، واتە کاراکتەری سەرەکی ڕۆمانەکە وا بیردەکاتەوە دەستەڵات باوکی ئەویان کوشتبێت، هەمو ئەو گومان و دودڵی و ئەو وەهمە خراپانەی کاراکتەر، نیشانەی کەسی توشبو بە پاڕانۆیان.

لە بەشێکی دیکەی ڕۆمانەکەدا کاراکتەری سەرەکی (فەرەیدون) بەمجۆرە لەگەڵ خۆی دەدوێت و دەڵێت:

- **'' نەکا ڕەندانیش بچی غەیانەتیم لەگەڵ بکات و لەگەڵ سەیدۆی پسمامی بمفرۆشێت؟! نەکا پلانیکیان بۆم دانابێت و لەبەر بەهای ئەو هەمو ئاسەوارە زێڕین و گرانبەهایانە، خەبەرم لێ بدەنە جەندرمەی تورکان، بە خۆم و بە پاسەپۆرتە ساختەکەمەوە بمخەنە زیندانێك تا هەتایە لێی نێمە دەرەوە''** (پیربال، ٢٠١٨: ١٢٠).

لەم دەقەی سەرەوەدا گومانەکە بەهێزتر دەبێت، چونکە کارەکتەرەکە گومان لە نزیکترین هاوڕێی دەکات، کە (ڕەندان)ە. سەرچاوەی ئەو گومانە لەوەوە دێت، فەرەیدون کۆمەڵێك ئاسەوار و شتی گرانبەها و پاسەپۆرتێکی ساختەی لای ڕەندان داناوە، نەك هەر ئەوانە، بەڵکو لەوانەیە خۆشی بفرۆشنە جەندرمەی تورك، خیانەت و تەماحی هەر بۆ سەروەت و سامان و پلەو پایەیە. کەسی پاڕانۆیی هەمیشە لە وەهم و گوماندا دەژیت واتە ئەو کەسایەتییە نەک تەنیا گومان لە دەسەڵات، بەڵکو گومان لە کەسە هەرە نزیکەکانی خۆشی دەکات و پێیوایە داهاتو بۆ ئەو لە مەترسییەکی زۆر گەورەدایە. کەواتە دۆخە پاڕانۆییەکە جگە لە وەهم ترسیشی تێکەوتوە، ئەمەش واتای ئەوەیە لەوانەیە دو نیشانەی پاڕانۆیی لە یەك کاتدا یەخەی کارەکتەرە سەرەکییەکە بگرن.

- **'' هێندەم زانی لە ناکاو دڵم پڕبو لە گریان، یەکسەر کەوتمە سەر چۆك، ئینجا سوژدە بردن بۆ خودای میهرەبانم، دەستەکانم لەسەر زەمین، نێوچەوانم لەسەر ئەو فەرشەی، کە نەمدەزانی بە نوێژە یان بێ نوێژ، بە قوڵپی گریانێکی لە هیکراکە خەریکبو دڵمی لەگەڵ بێتە دەرەوە، کەوتمە پاڕانەوە لە یەزدان: .... ''** (پیربال، ١٢٦:٢٠١٨-١٢٧).

لەم پەرەگرافەی سەرەوەدا دیارە نائومێدی ڕو لە کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکە دەکات، کە فەرەیدونە ئەوەش خاسییەتی زۆربەی خەڵکە، لە کاتی بێهیوا بون و تەنگانەدا ڕو لە خودا دەکەن و دەپاڕێنەوە بۆ ئەوەی خودا لەو تەنگانە و دڵتەنگییە ڕزگارییان بکات.

لێرەدا ئەوەی پەیوەندی بە کەسایەتییە پاڕانۆییەکەوە هەیە ئەو نائومێدی و گریانە لە ناکاوەی کارەکتەرە، نەك پاڕانەوەی لە خودا، چونکە مرۆڤی ئاساییش، کە هیچ نەخۆشییەکی لەم شێوەیەی نییە لە خودای خۆی دەپاڕێتەوە.

- **'' بیرم کردەوە: کاتێ لەناو هۆڵی میوانەکە بوین، ڕەندان بۆچی بەمنی گوت (تاکو خۆم بانگت نەکەم نەیەیتە دەرەوە)؟ ئایا لەگەڵ سەیدۆ لەناو هۆڵی میوانەکە چییان گوت؟ چییان کرد؟ باشە ئەگەر وابێت بۆچی ئەوکات پۆلیسی نەهێنایە سەرم و نەیانبردم؟ ڕەنگە لەوکاتەدا هەر لەوێ پێکەوە پلانەکەیان دارشتبێت. خۆ دوریش نییە سەیدۆی پسمامی چوبێت موخبیریی لێم دابێت! لەوانەشە ئیبۆی شوفێر. هیچ دوریش نییە هەردوکیان پێکەوە! یانیش شەهلا؟ بڵێم چی؟ ...... ''** (پیربال، ٢٠١٨: ٢٨٤).

ترس لە داهاتو و هەڕەشەی دەوروبەرەکەی، کە کاراکتەری سەرەکی پێی وایە پیلان لەدژی ئەو دادەنێن، نیشانەیەکی ڕونی کەسایەتی پاڕانۆییە، لەگێڕانەوە و بیرکردنەوەی کارەکتەرە سەرەکییەکەدا دەبینین گومان لە هەمو کەسێك دەکات، ئەوەش مانای وایە ئەم کەسە توشی پاڕانۆیا بوە، چونکە ناچیتە عەقڵەوە ئەو هەمو کەسە نەیار و دوژمنی ئەو کەسە بن، بۆیە بازنەی گومانی ئەو کەسایەتییە کە فەرەیدونە فراوانتر دەبێت و ژیانی لێ تاڵ دەبێت و لەناو گێژاوی گوماندا خول دەخوات.

- **" بیرم لەناکاو بۆ ئەوە چو کە ڕەنگە ڕەندان ئاگای لە هیچ نەبێت بەڵکو سەیدۆ یان ئیبۆی شوفێر خەبەری لەمن و لە ڕەندانیش دابێت و هەردوکمانی بە گرتن دابێ!... "** (پیرباڵ، ٢٠١٨: ٢٠٣).

لێرەدا فەرەیدون لەسەر گومانەکەی بۆ (ڕەندان) پەشیمان دەبێتەوە و پێی وایە ڕەنگە (ڕەندان) ئاگای لە هیچ نەبێت و سەیدۆ، یان ئیبۆی شوفێر جاسوسیان بەسەردا کردبێت و (ڕەندان)یشیان بەگرتن دابیت، کەواتە کارەکتەر توشی ڕاڕایی بو، ئەم خاسییەتەش یەکێکە لە خاسییەتەکانی کەسی پاڕانۆیی. بەمەش ڕای کارەکتەرە پاڕانۆییەکە ڕێك پێچەوانە دەبێتەوە و دەڵێت: (ڕەندان)یش کەوتۆتە بەر زمانی ئەوانیتر و بۆتە هاوبەشی فەرەیدون لە زیندان، کەواتە وەک دەبینین کاراکتەری سەرەکی جگە لە ترس، گومان، وەهم و خەیاڵی نادروست، توشی ڕاڕایی و دودڵیش بوەتەوە، کە کۆی ئەمانە نیشانەن بۆ کەسی توشبو بە پاڕانۆیا.

**٣-٢ پاڕانۆیا لەڕۆمانی(سانتیاگۆ دی کۆمپۆستێلا)دا:** لەم ڕۆمانەدا لە چەند شوێنێک نیشانەکانی کەسی پاڕانۆیی لە کاراکتەری سەرەکی ڕۆمانەکەدا، بەرچاو دەکەوێت، لێرەدا هەوڵ دەدەین بەپێی پێویست، نمونەی دەقە وەرگیراوەکان شرۆڤە بکەین.

ڕۆماننوس لێرەدا لەسەر زاری (دارا)ی کاراکتەری سەرەکی بەو جۆرە دەیگێڕێتەوە:

- **" ئای لەو شەوە خۆش و زێڕەوشانە!سەیرە! نەشئەی ئەو چەند ساتە کەمەی لەگەڵ ڤینۆس پێکەوەبوین، هێندە شیرین و خەوناوی بون، هێندە بەپەلە و بەلەز تێپەڕین، کە تەنانەت جاربەجار دەکەومە گومانەوە، وام لێ دەکا بەخۆم بڵێم ..لەوانەیە بەشێکی زۆری ئەو شتانەی دیمن، ئەوانەی بیستمن، ئەوانەی تامم کردن، تەنیا زادەی خەیاڵ و وەهمێکی پوچی خۆم بن و بەس! "**(پیرباڵ، ٢٠٠٢: ٥٦).

پاش ئەوەی (دارا)ی کاراکتەر لە ئاهەنگی یەکێک لە هاوڕێ هەرە نزیکەکانی، کەمێک خواردەنەوەی کحولی بەکار دێنێت، دەچێتە وەهم و خەیاڵێکی قوڵی بیرەوەرییەکانی، لەناو ئەو خەیاڵ و وەهمەی خۆیدا کچێکی جوان دەناسێت بە ناوی (ڤینۆس)و ناونیشانەکەی وەردەگرێت، پاش ئەوەی، کە خەبەریشی دەبێتەوە هێشتا هەر لەسەر ئەو باوەڕەیە، هەمو ئەو شتانەی لەو ئاهەنگەدا بینیویەتی و بیستویەتی و تامی کردوە ڕاستی و حەقیقەتن. هەر بۆیە لە فەڕەنساوە دەچێتە شاری سانتیاگۆ و زۆر بەدوایدا دەگەڕێ، تاکو لەکۆتاییدا بۆی دەردەکەوێت هەمو ئەو شتانە وەهمی لەدەستدانی جوانییەکانی ڕابردوی ئەون. جوانییەکانی نیشتیمان، منداڵیی، خێزان و شار و هاوڕێ نزیکەکانی ...هتد.

لە کۆتایی گێڕانەوەکەشدا پاش ئەوەی بۆی دەردەکەوێت هەموی وەهمێک بوە هێشتا دەڵێت (تۆ بڵێی وەهمێک بێت و بەس)؟

(دارا) ی کاراکتەر لە بەشێکی دیکەی گێڕانەوەکەدا، لەگەڵ خۆی دەدوێت و توشی گومان و دودڵی دەبێت کاتێک دەڵێت:

- **" هەرکە بیرم لە ڤینۆس دەکردەوە، یەکسەر دیمەنی پیرەژنەکە دەهاتەوە پێش چاوم و زاڵ دەبو بەسەر مێشکمدا، هەرکاتێکیش دیمەنی بەردەرگا و پیرژنەکەم دەهاتەوە پێش چاو، لە خۆمەوە هەستم دەکرد: من دەبێ سیحرێکم لێ کرابێ، خۆم وا دەهاتە پێش چاو کە لە ناو خەونێکی خۆمدا بم. "** (پیرباڵ، ٢٠٠٢: ١٠٣).

خەون و نائاگایی بەشێکن لەو کێڵگەیەی کە، کەسی پاڕانۆیی خۆی تێدا دەبینێتەوە، واتە کەسی پاڕانۆیی گومان دەکات، کە ئەوانەی بەسەری دێن تەنیا وەهم و خەیاڵی مێشکی ئەون و هیچی تر لەلایەکی تر گومان دەکات کە سیحری لێکرابێت، ئەم گومانە بێ بەڵگە و بێ بنەمایانە، ئەو شتەیە کەسی پاڕانۆیی پێ دەناسرێتەوە.

(دارا)ی کاراکتەری سەرەکی ناو ڕۆمانەکە دوای ئەوەی لەناو وەهمەکەیدا ڤینۆس دەناسێت و عاشقی یەکتر دەبن. ڤینۆس خەڵکی سانتیاگۆیە لە ئیسپانیا، بۆیە دارا بەدوای ئەو خۆشەویستییە دەکەوێت و پاریس و هاوڕێکانی بەجێدێڵێت. کاتێك دەگاتە سانتیاگۆ و دەچێتە ئەو شوێنەی، کە ڤینۆس ناونیشانەکەی بۆ نوسیوە، بەڵام چی ببینێت پیرەژنێك دەرگا دەکاتەوە و پێی دەڵێت: دارا تا ئێستا لە کوێ بوی؟! ئەویش سەری سوڕدەمێنێت. دواتر پیرژنەکە خۆی لێتوڕە دەکات و گۆچانەکەی بۆ سنگی دەهێنێت و پێی دەڵێت جارێکی تر نەگەڕێیتەوە ئێرە.

**" من بەتەواوەتی دڵنیابوم کە ئەو ماڵە ماڵی ڤینۆس بو، بەڵام سەیرە، ئەو پیرەژنە چییە؟ بۆچی ڤینۆس خۆی نەهات دەرگام لێ بکاتەوە، یان بەلای کەمییەوە بێت وەڵامم بداتەوە! ئەو پیرەژنە کێ بوا چیی بو؟ بۆچی نەیهێشت چاوم بە ڤینۆس بکەوێ؟ تۆ بڵێی دایکی بێت، داپیری؟ نازانم! بەڵام هەر کێیەك بێت، هەر چییەکی ئەو بێت، بۆچی نەیهێشت بیبینم؟ لە هەموی سەیرتر، بۆچی پێی وتم ((ئەو هەمو ماوەیە لەکوێ بوی؟ سەیرە! بەڵام بەڕاستیش، ئەو پیرەژنە لەوەدەچو شێت بێ. بە ئادگار و دیمەنی خۆیەوە بە تەواوەتی لە شێتێك دەچو. ئاخر پیرەژنێکی شێت لە ماڵی ئەوان چ دەکا؟ ڤینۆس هەرگیز باسی ئەوەی بۆ نەدەکردم کە پیرەژنێکی شێت لە ماڵەکەیاندا هەبێ)). هەرچۆنێك بێ، ئەو پیرەژنە تاقە کەسێکە کە بزانێ ڤینۆس لەکوێیە و بتوانێ پێم بڵێ چارەنوسی ڤینۆس چییە؟"** (پیرباڵ، ٢٠٠٢: ١٠٣-١٠٤).

لەم پەرەگرافەی سەرەوەدا کارەکتەری سەرەکی سەری سوڕدەمێنێ و هێندەی دەیهێنێ و دەیبا ئەم مەتەڵەی بۆ هەڵناهێنرێت. پێش بیست ڕۆژێك ڤینۆسی ناسیوە و یەکتریان خۆشویستوە، ئێستا بەدوای داهاتوە بۆ هەمان شار و گەڕەك و ژمارەی خانو کەچی پیرەژنێك دەرگای لێدەکاتەوە و ئاوهای پێدەڵێت، کە باسکرا بۆیە کەسی پاڕانۆیی ڕاڕایە و نازانێت چۆن بڕیار بدات.

لێرەوە هەمو ئەو ڕاڕایی، نائومێدی، سەرگەردانییەی کاراکتەر لەناو وەهم و خەیاڵە دروستکراوەکانی مێشکی خۆی ئەوە بەدەر دەخات کاراکتەرەکە توشی وەهمی گەڕان بەدوای بینینەوەی عەشق و جوانی سەردەمی منداڵی و گەنجی خۆیدایە و بە توندی توشی پاڕانۆیا بوە.

- **" دەچمە بەردەم کاتێدراڵەکە: ستاند و بۆردەکەم لەوێ، لەبەردەم کاتێدراڵەکە هەڵدەدەم و پۆرترێت بۆ خەڵك، بۆ توریست و گەڕیدەکان دروست دەکەم. ئیتر لەوێ، تا خۆر کەوتنان، بەدەم پۆرترێت دروستکردنەوە کات بەسەردەبەم و چاوەڕێ دەکەم، بەشکو ئیتر لەناکاو ڤینۆس بەرێکەوت بەوێدا تێپەڕ ببێت و بمبینێ! دڵنیام هەر سەر لەوێ دەدات و دەیبینم... "** (پیربا، ٢٠٠٢: ١٠٦).

دیوی پاڕانۆیی کارەکتەرەکە لە بابەتی وەهمێکی ئەڤیندارانەیە، ئەڤینێك کە حەقیقەتی نییە تەنها لە وەهم و خەیاڵێکی بێ بنەما زیاتر نییە، ئەویش لە نائاگاییەوە سەرچاوەی گرتوە. تۆ لەناو شارێکی گەورە و نەناسیار و بێگانە، بە دوای

دروستکراوێکی ناو خەیاڵەکانتدا بگەڕێیت، واتە ئەوە وەهم و خەیاڵێکە کە تۆ لەم شارە گەورەیەدا کەسێکت ون کردبێت و بچیتە ناوەندی شار و بڵێیت خۆشەویستەکەم بێرەدا تێپەڕ دەبێت و دەیبینم، ئەو وەهم و خەیاڵە بێسەروبەرانە نیشانەیەکی ڕونی کەسی پاڕانۆیین.

هەر لە درێژەی گێڕانەوەکەدا، ڕۆماننوس لەسەر زاری یەکێک لە کاراکتەرەکانی ناو ڕۆمانەکە بە ناوی (لالۆ)، دەڵێت:

- **" هەمو ئەو ساتە خۆشانەی باسی دەکەی کە لەگەڵ ڤینۆس بەسەرت بردون! لەناو وەهمێکدا بوی. بە وەهم و خەیاڵ ئەو ساتە خۆشانەی خۆتت بەسەر بردوە. لە کاتی حەشیشە کێشانەکەدا خەونت دیوە.**
- **یەعنی ڤینۆس وەهمە.**
- **بەڵێ، ڤینۆس وەهمێکە و هیچی تر.**
- **ئەگەر وەهم بێت، ئەم پیرەژنە چۆن دەزانێ کە پەیوەندییەك لە نێوان من و ڤینۆسدا هەبوە؟ منی چۆن ناسییەوە؟ ناوی منی چۆن دەزانی؟**
- **ئەدی ئەگەر وەهم نەبێت، کوانێ ڤینۆس؟ ئەم پیرەژنە بۆچی نەیهێشت کە تۆ ڤینۆس ببینیتەوە؟"**(پیرباڵ، ٢٠٠٢: ١١٣)

وەک دەیبینین دوای ئەوەی دارا توشی ئەو سەرسوڕمانییە و نائومێدییە دەبێت، دەچێتە بارێك و لەوێ پیرەمێردێك دەناسێت بەناوی (لالۆ) ئاشنای یەکتر دەبن و دارا قسەی دڵی خۆی بۆ دەکات و پیرەمێردەکە ئامۆژگاری دەکات و پێیدەڵێت: تۆ لە کاتی حەشیش کێشاندا خەونت بینیوە و ڤینۆس تەنها وەهمێکە و بۆ خۆت دروستتکردوە، لێرەوە ئەوە بەدیار دەکەوێت، کە (دارا) جگە لەوەی توشی وەهمێکی زۆر دەبێت، دوبارە بڕوا بە قسەی دەوروبەرەکەی ناکات و هێشتا دودڵە و لەگێژاوی وەهمەکانیدا ڕزگاری نابێت، هێشتا گومان لەوە دەکات ئەوەی ئەو دیونی وەهم بێت.

- **" خاوەنی ئەو باڵەخانەیەی، کە دارا بە کرێی گرتبو ناوی مەدام کارلۆس بو، دو هاوڕێی هەبو هەر لە باڵەخانەکە ناویان مەدام تاردیۆ و مەدام سیمۆن بو. شەوان قسەیان لەبارەی دارا وە دەکرد و داراش گوێی بۆ هەڵدەخستن و بزانێت چی لەبارەوە دەڵێن:**
- **((مەدام سیمۆن دەیگوت: مەدام کارلۆس، سوێند بە ئینجیل دەخۆم، ئەم پیاوە کرێچییە تازەیەی تۆ شێتە!**
- **چۆن؟**
- **منیش وام پێگوت. گوتم: چۆن؟ بۆچی شێتە؟ دەیگوت: ئەو ڕۆژە بینیومە: منداڵێکی کۆڵانەکەمانی ڕاگرتبو، لێی دەپرسی ((تۆ ماڵی ڤینۆس پێ نازانی؟))، منداڵەکەش دەیگوت ((ڤینۆس کێ؟))، گوێم لێ بو ئەویش گوتی ((ڤینۆس، کچی دکتۆر گۆرباشۆ ئێستێبان. ماڵی لەلای کەنیسەی سانت ژاکە)). شێتە. تەواونییە. منداڵەکە هەر ڕایکرد. وابزانم ترسا.**
- **ئەرێ بەڕاست لە تۆشی نەپرسیوە؟**
- **مەدام تاردیۆ ئەم پرسیارەی لە مەدام کارلۆس کرد.**
- **من پێم گوت. گوتم: لە زەمانی پێش جەنگی ناوخۆدا، باوکم دەیگێڕایەوە دەیگوت: ئەو وەختەی من گەنج بوم، لە هەمان ئەو گەڕەك و لەهەمان ئەو کۆڵانەی باسی دەکەیت، دەیانگوت کچێك هەبو، فیعلەن ناوی((ڤینۆس))بو! کچی دکتۆر ئیستێبان، زۆر جوان بو.. خەڵکی گەڕەك هەموی باسی جوانیی ئەو ڤینۆسەیان دەکرد. بەڵام زیاتر لە حەفتا ساڵ پێش ئێستا، نەك ئەمڕۆ. "** (پیرباڵ، ٢٠٠٢: ١١٩-١٢٠)

ئەوەی لێرەدا هەستی پێدەکەین (دارا)ی کاراکتەری سەرەکی لە گەڕان بە دوای جوانییەکانی ڕابردوی خۆی و خۆشەویستی و ئەڤینداری ڕابردوی خۆیەوە لەوەهمێکی نالۆژیکیدا دەژی و عەشق و ئەڤینی وەهمی ڤینۆسی کردۆتە بەدیل و جێگرەوەی جوانییەکانی ڕابردوی. لە کاتێکدا ئەم ئەڤینەی ڤینۆس جگە لە وەهمێك زیاتر هیچی دیکە نییە. ئەو وەهمەی کاراکتەر توشی بوە، گەڕانە بە دوای جوانییەکانی ڕابردو، شتێک، کە تەنیا لەناو بیرەوەرییەکانی خەڵکیدا ماوەتەوە، وەک بە دیاریش دەکەوێت (دارا) تەحەمولی ئەوەی نییە و نایەوێ بڕوا بەوە بکات، هەمو ئەو جوانییانە بون بە ڕابردو و هیچ ئاسەوارێکیان لێنەماوە، ئەمە ئەو دۆخەیە، کە مرۆڤ توشی پاڕانۆیا و وەهمی بون دەبن، واتە لێرەدا بابەتەکە تێکەڵ بە ئەفسانە بوە، چونکە (لالۆ) ئامۆژگاری دارای دەکرد پێی گوتبو ئەو پیرەژنە هەر خۆی ڤینۆسە و پیربوە، بەڵام دارا دەیگوت: ناچێتە عەقڵەوە کەسێك بە کەمتر لە مانگێك ئاوا پیر ببێت.

ئەم پاڕادۆکسە وادەکات کەسی توشبو لەو واقیعە دابڕێت، لەبری ئەوەی بڕوا بە عەقڵی بکات، خەیاڵە پوچ و وەهمە نادروستەکانی خۆی بەدروست بزانێت.

لە بەشێکی دیکەی گێڕانەوەکەدا ڕۆماننوس لەسەر زاری (مەدام مێلاگا)ی فالگرەوە، بەم جۆرە درێژە بە گێڕانەوەکەی دەدات:

- **" کوڕی خۆم، کوڕی شیرینم، تۆ جادوت لێ کراوە.**
- **بەڵام ئاخر من کچەکەم بینیوە، قسەم لەگەڵی کردوە.**
- **خەیاڵ بوە. لەوانەیە بە خەیاڵ غەریبی خوشکێکی خۆت کردبێت و واتزانییێ ئەم کچەیە.**
- **ماچیم کردوە، شەو و ڕۆژێك پێکەوە بوینە، پیاسەمان پێکەوە کردوە... "** (پیرباڵ، ٢٠٠٢: ١٢٦)

یەکێك لە خاسیەتەکانی کەسی پاڕانۆیی ئەوەیە، کە لەسەر قسەی خۆی مکوڕە و پێی وایە ئەمە ڕاستییە و خەیاڵ و وەهم نییە، چونکە ئەگەر زو بیزانیبایە ئەوە وەهم و خەیاڵە زو ڕادەست دەبو دەگەڕایەوە پاریس و ناو برادەرەکانی.

ئەمە ئەو حەقیقەتە تاڵەیە، کە (دارا) نایەوێت باوەڕی پێبکات و بەردەوام دەیەوێت باوەڕ بە کەسانی دەوروبەری بێنێت، کە دروستکراوەکانی مێشکی خۆی ڕاستی و حەقیقەتن، ئەمەش پاڕانۆیا بونی (دارا)ی کاراکتەر دەسەلمێنێت.

- **((کوڕی خۆم.. تۆ گەلێك وڵاتانی دیکەی ئەم ئەوروپایە تەی دەکەی، گەلێك شار و ڕێگەوبانی دیکەش پەی دەکەی. لەو ڕێگەوبانە ئاوارەیەی عەودالبونی خۆتدا، هیچ دور نییە ڕۆژێك (پێش دڕانی پێڵاوەکانت) بە حەسرەتی ((ڤینۆس)) سەربنێیتەوە.. ئەمەش چارەنوسی هەمو هونەرمەندێکە. "** (پیرباڵ، ٢٠٠٢: ١٢٨)

لەم گێڕانەوەیەدا وتەیەکی (ئەفلاتون)ی فەیلەسوفی یۆنانیمان بیردەکەوێتەوە، کە دەڵێت: ئەو شتانەی شاعیر و هونەرمەندان دەیڵێن سێ هەنگاو لە ڕاستی و حەقیقەت دورن و درۆ لەگەڵ کۆمەڵگا دەکەن، لەم پەرەگرافە بە ڕونی دیارە، کە مەدام مێلاگای فالگرەوە بە دارا دەڵێت: هەمو ئەو شتانەی پێت وایە ڕاستی و حەقیقەتن جگە لە وەهمێک هیچی تر نین، وەک (مێلاگا) پێیدەڵێت: تۆ بەدوای جوانییدا دەگەڕێیت و لەم ئەوروپایە دەستت ناکەوێت، بۆیە هونەرمەند و شاعیر و... دەبینین لە زۆربەی کۆمەڵگاکاندا ژیانیان ناخۆشە و دەربەدەر دەبن و هەژار و دەستکورتن. لەلایەکی ترەوە ڕۆماننوس دەیەوێت پێمان بڵێت ئەوانەی دەیانەوێت بگەنە جوانیی ڕاستەقینە، کە ڤینۆس خواوەندی جوانییە و نیشانەیەکە بۆ جوانییەکان بە گشتی ئەوا لەم دنیایە پێی ناگەن و بەم حەسرەتە سەر دەنێنەوە. بۆیە هونەرمەند

و شاعیر هەمیشە گۆشەگیرن و خەڵك لێیان تێناگات و تەنانەت هەندێكیان شێت دەبن و توشی جۆرەها نەخۆشی دەرونی دەبن و هەندێكیان دەگەنە خۆكوشتنیش.

## ٤- ئەنجام:

- (فەرەیدون)ی كاراكتەری سەرەكی ڕۆمانی (قەبرێكی سێگۆشە) و (دارا)ی كاراكتەری سەرەكی ڕۆمانی (سانتیاگۆ دی كۆمپۆستێلا)، كەسایەتی پاڕانۆیین و هەریەكەیان بە هەبونی چەند نیشانەیەك، پاڕانۆیی بونیان سەلمێندراوە.

- كارەكتەری (فەرەیدون) لە ڕۆمانی (قەبرێكی سێگۆشە)دا كارەكتەرێكی پاڕانۆییە، بەهۆی هەبونی نیشانەكانی وەك دڵەڕاوكێ، ڕاڕایی، گومان، وەهم و خەیاڵ.

- (دارا)ی كاراكتەر لە ڕۆمانی (سانتیاگۆ دی كۆمپۆستێلا) كەسێكی پاڕانۆییە، بە بەڵگەی ئەوەی وەهم و خەیاڵێک گۆشی كردوە بە دوای كەسێكدا بگەڕێت، كە هیچ بونێكی فیزیكی نەبوە، كاتێک لە فەڕەنساوە دەچێتە ئیسپانیا بە دوای كچێك بە ناوی ڤینۆس.

- كاراكتەری(دارا) لە ڕۆمانی (سانتیاگۆ دی كۆمپۆستێلا) نەخۆشی پاڕانۆیای زەقتر تێدا بەدیار دەكەوێت، چونكە ژیانی ئەو كاراكتەرە پڕە لە وەهم و خەیاڵ و سەرگەردانی، واتە حاڵەتی پاڕانۆیی ئەم كاراكتەرە بەراورد بە (فەرەیدون)ی كاراكتەری ڕۆمانی (قەبرێكی سێگۆشە)، سەخت و دژوارتر دێتە بەرچاو.

- نیشانەكانی وەک گومانی خراپ، ترس، دڵەڕاوكێ زیاتر لە كاراكتەری (فەرەیدون)ی ڕۆمانی (قەبرێكی سێگۆشە)دا بەرجەستە دەبێت، لە بەرانبەر ئەمەدا نیشانەكانی وەک وەهم، نائاگایی، نائومێدی لە كاراكتەری (دارا)ی ڕۆمانی (سانتیاگۆ دی كۆمپۆستێلا)دا دەبیندرێت.

- ڕۆماننوس دەیەوێت پێمان بڵێت، كە ئەوەی بە دوای جوانییدا بگەڕێت لەم دنیایە دەستی ناكەوێت و توشی نائومێدی گۆشەگیری و وەهم و خەیاڵ دەبێت.

### سەرچاوەكان:

البواب، خلیل(٢٠٢٢). ئینسكلۆپیدیای دەرونی، وەرگێڕانی: فكری مجید كەوریني، چاپی سێیەم، چاپخانەی تاران، كەلتور بۆ چالاكی ئەدەبی و فەرهەنگی، زنجیرە (٤٩).

بۆكانی، سابیر بەكر (٢٠٠٤). فەرهەنگی سایكۆلۆژی-ئینگلیزی- عەرەبی-كوردی، سلێمانی.

پیرباڵ، فەرهاد (٢٠٠٢)، سانتیاگۆ دی كۆمپۆستێلا، چاپی یەكەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

پیرباڵ، فەرهاد (٢٠١٨)، قەبرێكی سێگۆشە، چاپی دوەم، لە بڵاوكراوەكانی خانەی كلتوری، تهران.

مۆرگان، سیدۆ (د) (٢٠٢٢). نەخۆشییە دەرونییەكان و چارەسەری دەرونی هاوپێچ لەگەڵ سێ قوتابخانەی دەرونی (دەرونشیكاری- ڕەفتاری- مەعریفی)، چاپی دوەم، چاپخانەی تاران، مێخەک، زنجیرەری كتێب، ٧٨.

ناوخۆش، سلام (٢٠٠٦)، فەرهەنگی ئۆكسفۆردی نوێ، چاپی سێیەم سێیەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری هەولێر.

امیر پور، لیلا (١٣٨٨). نور سایكولوژی هذیان های گزند و آسیب در پارانویا. سیمپوزیوم نور پسیكولوژی ایران.

افشار، حسن کشاورز و دیگران (۱۳۹۵). اثر گشتالت درمانی بر اضطراب فراگیر و ضطراب امتحان دانشجویان، فصلنامه فرهنگ مشاوره و روان درمانی.

بالو، فرزاد و شهرام احمد و مریم خواجه (۱۳۹۷). بررسی مؤلفه‌های پست مدرنیستی در رمان هنگ صبور چوبک. پژوهش نامه‌ی مکتب های ادبی، سال (۲). شماره(٤).

پاک نهاد، امیر (۱۳۹۲). احساس نا امنی و ترس از جرم، آموزه های حقوق کیفری، دانشگاه علوم اسلامی رضوی، شماره(٥)، صص ۱۵۵-۱۸۰.

تدینی، منصوره(۱۳۸۸). پسا مدرنیسم در ادبیات معاصر ایران، تهران، اختران، نشر علم.

رجبی، محمد رضا، بهار و تابستان (۱۳۸۲). توهم شوایی، مجله شنوایی شناسی، شماره(۲۰-۲۱).

رحیمیان، سعید و محبوبه جباری (۱۳۸۹) ترس از مرگ در آثار عطار، دو فصلنامه علمی- پژوهش ادبیات عرفانی، دانشگاه الزهراء.

سپهوند، رضا و محمد رضا اسماعیل و حافظ ملا عباس(١٣٩٦).تبیین علل پارانویای سازمانی بر اساس نظریه‌ی داده بنیاد، فصلنامه علمی – پژوهشی مدریت سازمان های دولتی، دوره(٥)، شماره(٤). صص۳۱-٨٤.

عبدالمحمدی، کریم و علی محمد زاده و دیگران (۱۳۸٥). اعتبار سنجی مقیاس تفکرات پارانوید در جامعه ایرانی، مجله دانشگاه علوم پزشکی قم، دوره(۱۰)، شماره(٨)، صص٤٧-٥٣.

علم هدی، سید حسن (۲۰۰۰) اضطراب ریاضی، مجله روان شناسی، علوم تربیتی، دوره جدید، سال(٥)، شماره(۱).

فری من، دانیال (۱۳۹۰). غلبه بر أفكار بدبینانه و سوء ظن، ترجمه: جمال فر سیاوش، تهران.

Webmd.com

https://www.webmd.com/mental-health/why-paranoid#091e9c5e81c2211a-2-5

September 21, 2023 / written by Paul Frysh.